www.kurdistannet.org
17-11-2005 0:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کورتە چیرۆك

# شاعیر ... نەبەز گەرمیانی

بەدەستی خۆم نەبوو هەر لە منداڵییەوە گوێم بۆ ئاوازو وشەی جوان ڕادێناو بێزم لە هەندێك شێوازی بیرکردنەوەی کۆنەپەرستیانە دەهاتەوەو، باوکم لە کۆڕی پیاوماقووڵ و کۆبوونەوەی خەڵکانی گوند لە کاتی زستاناندا، لەبەر هەتاوی بە تینی ڕۆژانی بیهەورو باراندا، بەشانازییەوە رایدەگەیاند کە کوڕەکەوی هەر بە منداڵی ئارەزووی نووسین و خوێندن و بوون بە شاعیری لەلا پەیدا بووەو هەر کاغەزێکی ببینیایە هەڵیدەگرتەوەو تەماشای وێنەو پیتەکانی دەکردو هەوڵی دەدا بەو منداڵییە شتێکیان لیهەڵبهینجێنێت، شەوانیش لە ناو کۆڕی دانیشتنی کەس و کارو خزم و دراوسێکاندا گوێڕایەڵی چیرۆکی فۆلکلوریو بەسەرهاتی سەیرو داستانی شیعریو بەزم و بالۆرەکانی شاعیرانی میللیو شیعری شاعیرانی ئەو سەردەمە دەبوو، گوێی مۆسیقایی پتەوترو سووکتر دەکردو هەر لەو کاتەوە بیری بۆ ئاسمانی شیعرو چیرۆك و وێژەی نوی دەفرِیو پلانی بۆ تیوریو مانافیستی شیعری لە مێشکی منداڵی خۆیدا ڕێکدەخست و خەونی بەو ڕۆژەوە دەبینی پیتەکان بناسێتەوەو بیری تیژی منداڵیی خۆی دەوڵەمەندتر بکات و ئەسپی شیعر لە گۆڕەپانی وێژەدا تاوبدات و بە نەقیزەی وشەکانی بیرۆکەی مانافێستی فۆرمی رەق و ئاوازی نەرم و ڕێتمی هەڵپەڕکیو چەپڵەڕێزان دابڕێژێت و هەموو ڕێبازە وێژەییەکانی دیکە بۆڕ بدات و ببێتە بنێشتەخۆشەی سەر زمانی هەموو خوێنەران و وێژەدۆستان و، گۆڤارو ڕۆژنامەو کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی ناوخۆو دەرەوەیش هەوڵ بدەن چاوپێکەوتنی لەگەڵدا سازبدەن و لەبەردەم پرسیارە دژوارەکانیاندا دۆش دانەمێنێت و خاڵەکان لەسەر پیتەکان دابنێت و بۆمبێکی وێژەیی و مانافێستێکی نوی بە رووی هەموو تیوریی کۆن و نوێیەکانی بواری وێژەدا بتەقێنێتەوەو دەنگی تەقینەوەکە سەرتاپای هەموو جیهانی وێژە بگرێتەوە.

هەر لە قۆناغی ناوەندیدا بووم، چامەیەکی دوو لاپەڕەییم لەمەڕ مێژووی مێروولە نووسی، هەموو مێروولە بەستەزمانەکانی شارە گەردەلوول وێڕای نەبوونی دان و ئاوو زەخیرەی زستانەی ئەو ساڵە، چوون دروشمێکی گەورەیان نووسیو خۆپیشاندانێکیان تا بەردەم قایمقامیەتی شارۆچکەکەیان ڕێکخست و نارەزاییان لەمەڕ ئەو چامەیەم دەربڕی، بۆیە هەر لەو کاتەوە ناوی منی شاعیر کەوتە سەر زاران و کەس نەما باسی ئەو چامەیەم نەکات، چونکە باوباپیران دەڵێن ئەگەر ویستت ناوت بهێنن، بڕۆ لەسەر ڕۆخی ڕێگە دانیشەو چەند بەردێك بەدەستەوە بگرەو هەر کەسێك تێپەڕی بەردێکی تێبگرەو هەڵمەیەو چاوەڕی بکە بزانە کاردانەوە چی دەبێت، لەبەر ئەوەی هەڵاتن ڕووبەڕووبوونەوەت لەدەست دەدات و ڕێگەی دوورت نزیك ناکاتەوە!!

منیش ئەو دروشمەم بۆ خۆم هەڵگرتووەو سەر بە لای چەپی ڕێگەو لای راستی ڕێگە نیم و لە ناوەڕاستیش نیم، خۆم تێکەڵ بە هەموو کۆڕەکە کردووەو دەسووڕێم و لەهەر کوی پاروویەکی چەوری بی شەکەتیو ماندووبوون هەبێت، من لەوی دەبم، دەخۆم و هەڵدەقوڕێنم، چامەیش دەنووسم، لە نێو دێڕەکانیدا خۆم دەشارمەوەو بە پسکەپسك تەماشا دەکەم، بزانم شاعیرانی دەربار چی دەڵێن و چۆن لەو چامەیە دەگەن و لەسەری دەنووسن، کە زۆرجار بە خامەو دێڕو وێنەی بەرەواژو سەروای قوپاوو ڕێتمی ئیفلیج و قازمەو خاکەنازی ئیرەیی هێرشیان کردووەتە سەر وێنە شیعرییەکانم و بە کەرپووچی هەلوور بەلوور تەکامەو کێشی چەپڵەڕێزان، سەری بیتووکی نەوبەرە چامەکانیان شکاندووم و وێنە شیعرییەکانیان زیزو تووڕە کردوون و سیپاڵ و عەزیەی بیریان دڕاندوون، براتیش هیچ دەروەستی وان نەهاتووم، لە کۆڕو کۆبونەوەو ڤیستیڤاڵەکاندا چامەکانی خۆم کردبووە بۆمب و بە رووی ناحەزانی مانافێستی نوێنخوازی ببوورن نوێخوازیو مۆدێرن و پۆستە مۆدێرن ببوورن پۆست مۆدێرن و پیشەگەری ببورن پێشەنگەری دەتاقندەوەو لەبەر پێی پێلاوی وێنەکانیاندا دەبووە چەڕە دووکەڵی غەڵبەغەڵب و هەراو هوریای دەمەتەقێی سەفسەتییانەو تا درەنگانی بەهارو هاوین و زستانی کۆتایی نەدەهات، پاییزیش تێدەپەڕی و ئێستاو ئەوسایش ئەو دەمەتەقیو دەمەقاڵێیە، لە

پاش روانگەی جۆزەردانیشەوە هەر بەردەوامەو بەردەوام وێنەی شاعیران لە ناو چامەکاندا بە بەرەواژ هەڵدەواسرێن و ئیرەیی بە چامەکانم بووەتە مانشێتی رۆژنامەکان و گۆڤارەکان کەسانی وایان راسپاردووە بکەونە وێزەی چامەکان، چەقۆیەکی رەخنەگرانەی درێژی ساتۆر ئاسای داپلۆسێنەریان بە دەستەوەیە ملی ئەو گایەش دەبرێت کە گوایە گۆی زەمین بەسەر هەردوو شاخیەوە گیرۆدەیە... هاهاهاهاها !!.

رۆژی شەممەی ساڵێکیان بە ئەسپایی بەرەو بازاڕی دەڵاڵخانە دەڕۆیشتم و بیرم لە چامەیەکی نوی دەکردەوە، لە رێگە قەمبوورێکی کورتە باڵای ئەندامی کۆمەڵەی قەمبوورانم بینی، ئامێرێکی مۆسیقایی پەڕپووتی بەدەستەوە بوو، ژێیەکانی پچڕابوون، هەزار کونی تی کەوتبوو، نەمزانی چی پی دەبێژن، پاشان لە پیرەمێردێکی تەزبیح فرۆشی لای باخچەی شارم پرسی ئەو کوڕە قەمبوورە، پشت کووڕە، روخسار تووڕە، چی پێیە؟؟؟ باش بوو بە روخسارێکی گەش و زەردەخەنە لەسەر لێو وەڵامی دامەوەو گوتی کوڕم ئەدی تۆ تەمبوورت نەدیوە، نابینیت چەند درێژەو تەلەکانی پساون، رەنگە ئەو قەمبوورە پشت کووڕە، بچێت لای وەستا ئەو تەمبوورە سیم پساوە، کە دەنگی دڕاوە، هیچ تەلێکی نەماوە، بۆ ئاوازی نوی چاك بکاتەوەو ئاوازێکی نوی بۆ شەڕی چل و پێنج ساڵەی نێوان پێڵاوو گۆرەوی پی دابنێت، تا شەڕەکە خۆشتر بێت و لەو بی سووتەمەنیەدا خۆمانی پی گەرم بکەینەوە!

لە شەڕی هەزار رۆژەی نێوان مێروولەو زەردەواڵەیشدا خۆم کڕ کردو زاروکی چامەکانم لە کۆش کردن و ئاوازی وشەکانم شاردنەوەو وێنە شیعرییەکانم لە ئامێزی لاپەڕەکاندا مات دا، تا جلك بۆرەکان لە دەرگەم نەدەن و راپێچی گۆڕەپانی جەنگی مشك و پشیلەم بکەن و، جارێکی دیکە سەر بە ماڵەکەمدا نەکەمەوەو باوەشێك چامەی ماست مۆدێرن بەڵی ماست مۆدێرن بۆ نەتەوەکەم ببەمەوە!!

لەو کاتەدا رۆژی یەکشەممەی هەفتەیەك رۆیشتم برێك مۆم و کاغەزی گەورە گەورەم کڕی، نیازم هەبوو لەو سەر چیایە دوو باڵی گەورە دروست بکەم و خۆم لەو نالەبارییەی نێو شار بە دەستی داڵاوخۆرەکانەوە قوتار بکەم، بەڵام هەستی نۆیەمم پێیگوتم نەتزانیوە مۆم و کاغەزەکانت دادت نادەن، تۆی ئیکارۆس باڵەکانت قرتاوون و مۆمەکانی ئەو باڵانەت تواونەتەوەو رێگەی هەڵاتنت بە دڕکەزیو تەلبەندی قورقۆشم تەنراوە، پلانی دیکە دانی، هەوڵ بدە گوی رووبارەکان هەڵبژێریت و سەرنجی تافەکان بدەو لە کەلێنە پینەزانراوەکان ئاودیوی دارستانەکانی ئەودیوی چاوە چەقاوەسووەکان ببیت، نەکەی ئەو نەخۆشانە بتبینن کە بە کەبسوولە دوو رەنگەکان چاك بوونەتەوە، ئەوانە گوریس لە گەردنت دەجەڕێنن و دەتخەنە بەردەستی تانجییە دوو رەگەکان، کە بستێك مەفەرەت نادەن، هەر ئەوەندەت زانی خوێنی دڵیان لە کاسەی رق کردوویت!!

لە شەوێکی نووتەکی چاوی زستانێکی ساردو کڕێوەدا خۆم گەیاندە کونجەکەی دایکم و داوام لیکرد کەس ئاگەدار مەکەوە با نەزانن لێرە نوێژی چامەم بەستووە، ئەگینا باڵەکانی ئیکارۆس دەشکێنن، پەڕو باڵی وێنەکانی دەسووتێنن، کوڕەکەیشی دەبەن لە سێدارەی دەدەن و تەرمەکەی فڕی دەدەنە بن رووباری بێرییانەوە، ماسیو مارماسی ئێسك و پرووسکی دەخۆن و گۆڕیشی دەست ناکەوێت بە کێلی بەرزەکەیەوە بناسرێتەوە! دایکم شەوو رۆژ ئامۆژگاری دەکردم نەکەیت رۆڵە بە گژ سەگە هارەکەی شاردا بچیت، نەکەی خۆت لەقەرەی ئەو گەماڵە بی باوکە بدەیت، ئەمانە گرووپێکن بە خوێنی رەچەڵەکی ئەم دەڤەرەدا رۆدەچنە خوارو ئێسك و پرووسکمان شەن و کەو دەکەن و تا ماوەیەك بەرزەکی بانان ئاسا بۆیان دەچێتە سەر، ئەو ئامۆژگارییانەی دایکم سوودێکی زۆریان پیگەیاندم، بەرۆژ دەکەوتمە وێزەی خوێندنەوەو بەرپەڕی پەرتووکەکانی مێژوو، فەلسەفە، جوغرافیا، شۆڕشەکانی رابوردوو، کۆ شیعرو کۆچیرۆك و بەسەرهات و فۆلکلۆرو داستان و شانۆگەرییەکان زەلزەلەیان بوو بە دەستمەوە، تا وای لێهات بووم بە کابرایەکی دیکەو تیوورم دادێناو، مانافێستی جۆراوجۆرم بڵاو دەکردەوە.

خوای تۆ کردی سەگە هارەکان بە زەبری قەڵماسکی شوانەکان لە دەڤەرەکە دوور خرانەوە، ئێمەی رۆشنبیرانیش کۆ بووینەوە، بڕیارمان دا لە سەیرانگەی پەپوولە گرد ببینەوەو دەستەیەکی نوی بۆ

کاروباری رۆشنبیری خۆمان هەڵبژێرین، دالاوخۆرانی سەردەمی سەگەکانیش هاتبوون بەلام جل و بەرگی کوردەوارییان پۆشیبوو، بۆیە بوو بە مشت و مڕێکی زۆر لەسەر کێشەی بەشداریکردن و نەکردنیان لەو گردبوونەوەیەدا کاتێکی زۆری بەفیڕۆ داین، ئاکامیش دۆخەکە لەبەر بڤەو ناسکی پرسەکە دەستی لینەدراو، شاخدارو بی شاخ لە ناو یەك کەشتی سەرەڕۆداماینەوە.

منێك تا دوێنی نیوەڕۆ خامەیەکم بە سەر کاغەزی خاکپەرستیدا نەهێنابوو، چووم ماست و ئاوو مەنجەڵم هێناو ماستاوم بەسەر هەمووواندا دەبەشییەوە، ماستاوێکی ساردی ئەوتۆ گەر بەفری قەندیلیشت تێکردبا ئەوەند سارد نەدەبوو، ئیدی دەرگەکانم لە هەموو لایەکەوە بۆ خرایە سەر پشت، لەو ماوەیەدا سی جار کۆشیعری هەڕەزاڵەکانی قەیتوول و خەونە سپییەکانی رەشە ئیبلیس و پەشتەماڵی گەرماوی کۆشکی چەرداخم چاپ کرانەوەو دەست خوێنەران نەدەکەوتن، ناچار هەر هەمووم لە بەرگێکی بە سلیڤۆندا لە لایەن دەزگەی گولاڵەو سەنتەری تەلاوە بۆ چاپ و بلاوکرایەوە تا خوێنەران چێژ لە چامەی خەونی بزڕکاوو شووتی سەربڕاوو لەنجەی قرتاوو پێکەنینی پچڕاو ببینن.

لە وەرزی دوای هەناسەداندا هەل رەخسا، سەنگەرەکان والا بوون، هەر رۆژەی لە سەنگەرێکدا بووم، هەر رۆژەی لە چاخانەیەکدا بووم، هەر رۆژەی لە ڤیستیڤاڵێکدا بووم، هەر رۆژەی لە ئوتێلێکدا بووم، هەر رۆژەو هەر شەوەی رۆشنبیرێك، شاعیرێك، چیرۆکنووسێك، رەخنەگرێك، رۆژنامەنووسێك بانگهێشتی خواردن و خواردنەوەو کۆڕو ڤیستیڤاڵ و یادی شاعیران و نووسەرە کۆچکردووەکانی دەکردم، منیش بۆ ئەو جۆرە بانگهێشتانە سەرو لاشەم پێوە نەبوو، لەهەر کاسەیەکی پڕدا کەوچکی پڕ بووم. هەنووکە لە شاری تازە ماسی دەژیم، پاسەوانی کۆنە ماسی دەکەم، لە هەردوو لایش پارووی چەورم هەنە، جاروبار چامەیەکی پۆست مۆدێرن دەنووسم، رەخنە لە مێرووڵەو قازو مراوی نێو جۆگەڵەکانی گەڕەکە میللییەکان و پیرەمێردی چاخانەکان و منداڵە گوڵەبەڕۆژە فرۆشەکان دەگرم، تەکنیکی ناو مێشکم بەکاردێنم و مێشکی خوێنەر بە راڤەی وێنەکانەوە شەکەت و ماندوو دەکەم، خۆیشم لە چاخانەی جەرگۆ رۆدەنیشم بە مێشکی ئەو مێشك پووچانە پێدەکەنم کە لە وشەی نێو چامەکاندا ئەنتەرناش دەکەن و دەچەقن!!

2005/7/17